# ئەو رەنگانەی ناوەخت لە"من" رژان

گۆران سدیق
Goransdiq_m@yahoo.com



## رەنگی یەکەم

رۆژ/ ژورەوە

بەرەبەیان سەرەتای فرۆشتنی یەکەم تیشکی هەتاوو
کاڵ بوونەوەی وێنەی "مانگ"
بەدەم سڕینەوەی یادەوەرییەکانەوە

لەدەرەوەی ئەم ژوورەدا
دەنگێك هەیە..!
تائەوپەڕی سەوزایی بانگم دەکات
تائەوپەڕی هەست کردن بەقوڵاییەکانی ئومێد
دەنگێك هەیە..!
دەیەوێت دەرگاکانی تری دونیام نیشان بدات
پێخەفەکەم بەجێ دێڵم..
لەپەنجەرەکەوە دەڕوانم:
کێڵگەیەك پڕ لەتەم
لەکەنار دەریاکەشدا
ماسی گرێکی پیر
بۆ سپێتی دەریا چەماوەتەوە
دەزانم..
دەنگێك هەیە..!
لەقوڵایی تەنیایی منەوە هەڵدەکات

## ڕەنگی دووەم

ڕۆژ/ دەرەوە

بیابانێکی گەورەی پڕ لەدوودڵی

ئەمە سەرەتای دوو دڵییەکە
کەهەردووکمانی بەم ڕێگایە ناساند
ئەمە ئەو کاتەیە
کەبرینەکانی سەر جەستەمان زیاد دەکات
ئەو برینانەی کەدەبێت پێنانەوە بمرین
ئەمە ئەو سەرەتایەیە
کەهەردووکمان کوێر دەبین
بەدیار دیمەنی ئەو ئەستێرانەوە
کە لەناو بیابانی دڵی یەکتریدا
ونمانکردن

## ڕەنگی سێیەم

شەو/ دەرەوە

شەقامێکی ەنراو بەوەهم

بەم پرسیارە سپیانەی مردنەوە
چەند پیاسەیەکی کورتە بەختەوەری
دەستەکانت بۆنی پەشیمانی لێدێ
بۆنی ترسێ
بەئەندازەی دڵنیابوونی "من" بەژیان

## ڕەنگی چوارەم

ڕۆژ/ ژوورەوە

بەهاری "2003".. کرپۆەی وەرس بوون

لەسەر تەرمی من سەماکە
لەسەر هەموو ئەو پاشماوانەی
لەجەستەم هەڵدەوەرێن
لێوت بنێ بەدوایین گۆرانیمەوە
تاهەست بەبێهوودەیی ژیان بکەیت

## ڕەنگی پێنجەم

ڕۆژ/ دەرەوە

هەمان ئەو کۆڵانە ژەنگاوییەی
کەتیایدا یەکتریمان دۆڕاند

ئەی ئازیزترین ئازار
لەم باغی پڕ لەشەرمەدا کەژیانە
دەزانم..
خەتای من بوو
کەنەمتوانی لەژیاندا
هەندێ یاقوتی ئومێدت بۆ قەرزکەم
دەشزانی..
خەتای تۆ بوو
نەتوانی
لەسەوزایی گریانەکانمدا
درەختێ بچێنی

## ڕەنگی شەشەم

زەمەن لەم ڕەنگەدا ونە
شوێن باڵەخانەیەکە بەسەر تەنیاییەکی کوشندەدا دەڕوانێت

لەگریانی مندا
تۆپڕ دەبوویت لەبێ دەنگی
لەبەر خۆتەوە دەتپرسی:
ئەم هەموو مەستیە
ئەتباتەوە سەر چ قیامەتێك..؟
ئەم هەموو دوودڵیە لەژیان
فێری چ بیردۆزێکت دەکا..؟
ئاگام لێبوو
لەدڵی خۆتدا ژیانت دابەش دەکرد
تۆ بۆ خۆت
جۆگەلەیەك زەردەخەنەت رادەکێشا
من..
لەسەر جەستەم ملیارەها سنەوبەری گومان ڕووا
تۆ بۆ خۆت
پڕ تەرازوویەك منداڵیت دەکێشا
من بۆخۆم
ژوورەکەم فەنابوونی لێدەڕژا